له ليستي ژماره 730

# لاواني كورو كچى كوردستان.. وەرەقەيەک بۆ قوماری هەڵبژاردن.......!

ئەکرەم عبدوڵا
rodanakram@yahoo.com

ئەوەتەی دەنگ و باسی هەڵبژاردن لە ئارادایە سەرکردایەتی یەکیتی و پارتی کەوتونەتە کۆرو کۆبونەوە لەگەڵ تویژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و لاوانی کورو کچ بە تایبەتی بە خەیاڵی خۆیان بۆ ئەوەی ئەم جارەیان کە بتوانن هەرچی زیاتر ژمارەیەکی زۆرتر بەرن بۆ دەنگدان .

بۆیە ئەم جارە هەر کە شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان ئەکەیتەوە باس باسی هەڵبژاردنە بۆ ئەم مەبەستەش دایکی شەهیدو هونەرمەند و مەلاو شیخ و مشایەخ نەما بەکاری نەهینن ، بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر لە سەر لاوان دابنین و هانیان بدەن بۆ دەنگدان .

لە کۆرو کۆبونەوەکانیاندا ئەڵین ئەم جارە بۆ کوردە ، بۆ خوینی شەهیدانە ، بۆ ئەوەی ئەنفال و کیمیا باران نەکریینەوە ، بۆ داهاتومانە ، بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانە نەک بۆ یەکیتی و پارتی ، بەڵام ئەم قسانەیان دورن لە راستي یەوە چونکە هەر خۆیان دەسەڵاتدارن و خۆشیان لە خیرو بیری کوردستان بەهرەمەندن ، بەڵام لاوانی کور و کچی کوردستان 15 ساڵە لە ژیر حاکمی یەتی یەکیتی و پارتي دا لە چاوەروانی دا ژیان بەسەر ئەبەن و هەر لە سایەی حاکمیتی ئەوانەوە بوو سەدەها گەنجی کوردستان بەرەو هەندەران کۆچیان کرد .

لاوانی کوردستان لە بچوکترین پیداویستی ژیان بیبەشن تەنانەت بۆ ساتیکیش لە ماوەی حوکومرانیتاندا بیرتان لیَ نەکردونەتەوە بەڵام ئەمرۆ لەبەر خاتری کورسیەکانی خۆتان کەوتونەتە پەلەقاژەو دەیەها قسەی باق و بریق ئەکەن گوایە ئەگەر ئەم جارە دەنگتان پیَ بدەن کوردستان ئەکەن بە پاریس و ژیانی خەڵکیش وەک و ئەوروپا لیَ ئەکەن ، بەڵام لاوان رۆژیک زوتر ئاواتەخوازن لە دەست حاکمي یەتی ئیوە رزگاری بییت ئیستا چۆن بەم قسانەی ئیوە هەڵئەخەڵەتیَ ، چونکە باش لەو راستی یە تیگەیشتووە کە ئەم قسانەتان تا 15 ی ئەم مانگە بر ئەکات . بۆ بەرژەوەندی خۆتان ریگا نەما نەیگرنەبەر هەر لە هینانی لەشکری تورکیاو ئیران بۆ کوردستان و نۆکەرایەتی کردن بۆ حیزبی بەعس و دروستکردنی شەری ناوخۆ کە باجی هەرە گەورە لاوان دایان بەڵام ئەوکاتیش هەرئەتان ووت لەبەر بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمانە ، پارەیەکی زۆرتان کرد بە گەروی ئەحزابي ئیسلامی و یارمەتی دەربوون بۆ زیاتر بڵاوبونەوەی کۆنەپەرستی لاوانتان ناچارکرد بۆ وەرگرتنی پارەیەکی کەم روبکەنە ئەحزابە ئیسلامییەکان و رۆژانە شەخسیەت و کەرامەتیان بریندار بکریت بەڵام ئیوە هیچ باکیکتان نەبوو ، پیداویستییەکانی خویندن و بەشە ناوخۆییەکانی لاوانی کورو کچ لە نزمترین ئاستدایە ، نەبونی ئاو و کارەبا و ئیمکانییەتی ماڵي و سەرەتایترین پیداویستییەکانی ژیان کە بونەتە کیشەیەکی موزمین کە لە ژیر دەسەڵاتي بزوتنەوەی کوردایەتیدا چارەسەر ناکرین ، ئەو ئیمکاناتە ماڵییەي کە لە کوردستاندایە و یەکیتي و پارتی دەستي بەسەردا گرتووە ئەگەر بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتي و لاوان بە تایبەتي سەرف بکریت ئەوا هیچ قسەوباسیک لەم کیشانەی ئیستا نابیت ، کۆشک و تەلاری دەسەڵاتداران لە ژمارە نایەت کەچی ئەبیت لاوان لەبەر نەبونی خانوو و شوینی نیشتەجیبوون ناتوانن باسی دروستکردنی خیزان بکەن بەڵام مەسئولانی ئەم دوو حیزبە کەمیان هەیە کە زیاتر لە دوو ژني نەبیت ، لاوانی کوردستان رۆژانە لەگەڵ ئەم هەموو کیشانەدا ژیان و گوزەران بەسەر ئەبەن کەچی لەبەر ئەوەی ئەمرۆ پیویستیان پییانە لەگەڵیان دائەنیشن و داوایان لیَ ئەکەن کە دەنگیان پیَ بدەن و چاو لەو هەموو کیشانە بپۆشن ، کاتیکیش کە دەنگدان بە دڵي دەسەڵاتداران نەبوو ئەوا ئەکەونە ئیهانە و سوکایەتی کردن بە لاوان هەروەک و لە راپرسییەکەي پیشودا کردیان ، لاوانی کوردستان لەو راسيي یە باش تیگەشتوون هەتا یەکیتي و پارتی کوردستان پاوان بکەن کیشەکانیان بە چارەسەر نەکراوی ئەمینیتەوە بۆیە ئەبیت ئەمجارەش نەچن بۆدەنگدان و نا یەکی گەورە بدەن بە روی دەسەڵاتداران .

2005/12/ 10